شیعر




رووناک عەزیز

# بارانی عیشق

جارێک لەبەر تۆ...

جارێک لەبەر تۆ هاتم...



بارانێکی زۆرم هێنا... لەبەر تۆ

ئاواتێکی رەنگاڵەییم هێنا .. لەبەر تۆ

کە هاتم..

هەموو باڵندەکان.. بەدوومدا دەفڕین



بۆ ئاسمانی خۆشەویستیی تۆ..

لە یەزدان دەپاڕامەوە..

کەوا بتوانم بێم.. جارێک لەبەر تۆ..

با تەڵەقژەکانم پێبکەنن جارێک لەبەر تۆ..

هەناسەکانم سەما بکەن .. جارێک لەبەر تۆ..

کراسێکی سوورم لەبەر بوو.. لەبەر تۆ..

لێوەکانم هەموو پەپوولەکانی دنیایان لەسەر بوو.. لەبەر تۆ..

***

جارێک سترانێکی خۆشی دەچڕی..
ڕێگەکانیش ئارام بوون..
چونکە بەپێ هاتم بۆ لای تۆ..
جارێک لەبەر تۆ ئەسرینی ڕەشم سڕی
بە ماچەکانی تۆ..
باوەشم دا لە هەناسە جوانەکانی تۆ
لە پەیڤە جوانەکانی تۆ..
جارێک لەبەر تۆ داوام کرد
دنیا یەک ساتم پێ ببەخشێ
تاکو بێم بۆ ئامێزی تۆ



***
جارێک لەبەر تۆ دەگەشێمەوە
دەبووژێمەوە و دەتوێمەوە
لە ناو خوێنت.. لەبەر تۆ..
کە هاتم چاوەڕوانم بوویت..
ئاه.. سەد ساڵی ڕەبەقە تۆ چاوەڕوانم بوویت!
باڵات وەک لقی درەختەکان بەرەو ئاسمان ڕۆچووبوو
جارێک لەبەر تۆ هاتم.. دڵی من
جارێک لەبەر چاوەکانت
جارێک لەبەر ئازارەکانت
جارێک لەبەر ماچە هەنگوینییەکانت
دێم.. هەر دێم.. ئەی چۆن نایەم لەبەر تۆ؟!
هاتم و چی دی ناگەڕێمەوە.. بۆ لای ئەو..
تەنیا لەبەر تۆ..